www.kurdistannet.org
26-2-2007 19:40 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نموونەی هەندێک هەڵە لە میدیای کوردی ... ئەندازیار نەریمان محمد گەلاڵی

**بەرلین**

کەسێک نیە ئەمڕۆ لە گرنگی میدیا و کاریگەرییەکانی لەسەر سیاسەتە ناوەکی و دەرەکیەکان نەزانێت.



چونکە ئێستا وەکو داینەمۆی هەڵسووڕاندنی ڕەوڕەوی مێژووی لێهاتووە بەهۆیەوە زۆر نەخشەی چارەنووسساز دەچێتە خانەی پراکتیک و کاریگەری تەواوەوە. میدیای کوردیش هاوشانی گۆڕانکاریەکانی دونیای نوێ پێشکەوتنێکی زۆر فراوان و گەورەی بە خۆوە دیوە کە شایستەی ئەو قۆناخە مێژووییەیە. هەروەکو چۆن پێشوو ئەو میدیایە بەشێکی هەرە گرنگی خەباتی میللەتەکەمان بووە پەیامی خۆی دەگەیاندە هەر تاکێکی کورد لەهەر کونجێکی ئەم جیهانە ئەوا ئەمڕۆش نەک هەر هەمان ئەرکی لەسەر شانە بەڵکوو زۆر زیاترو گەورەتر بوە لە ئەنجامێ هەستیاری قۆناخەکە. بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت هەندێک جار هەندێک لە ڕووداو بەسەرهاتەکان باش شیتەڵ و بژارناکات بۆیە لە بێئاگاییەوە تووشی هەڵەی وادەبێت کە ڕۆڵەکەی بە ئاراستەی پێچەوانەوە دەبێت لە ئەمجامدا بێ ویستی خۆی دەبێت بە پرد بۆ ڕەتبوونی هەندێک بیرۆکە یان هەواڵی ناراست بەسەریدا کە کاریگەری خراپ و کرێتیان لێدەکەوێتەوە لەوەدا دەوری ڤایرۆسێکی نێو کۆمپیوتەرێک دەبینێت کە هەوڵی لاوازکردن و تێکدانی بوونیادی خۆی بدات. بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەوە تەنها سێ نموونە دەهێنمەوەو بەس/

یەکەم/ ماوەیەک بەر لە ئێستا تیرۆرستان لە ماڵپەڕێکی ئینتەرنێت هەواڵێکی بێ مانایان لەسەر دامەزراندنی ئیمارەتێکی ئیسلامی لە عێراق بڵاو کردووەبە سەرۆکایەتی (عومەر ئەلبەغدادی) کە کەسێکی نە ناسراو بوو بەر لە و کات کەس گوێی لەو ناوە نەببو. کەچی تەلەفزیۆنی سەتەلایتی کوردستان ئەو هەواڵەی بەشێوەیەکی زۆر زەق و ڕوونکردنەوەیەکی زۆرو بارستاییەکی زۆر زیاتر لە کەناڵە تیرۆر ئامێزەکانی عەرەبی بڵاو کردەوە وەکوو ئەوەی ئەم هەواڵە هەواڵێکی موژدە بەخش بووبێت بۆ دۆزی کورد! بەوەش نەوەستا و لە درێژەی دەنگو باسی دووەمیش بەهەمان شێوە دووبارەی کردەوە و خۆی کرد بە پردی تێپەڕاندنی ئەو ماددە ئیعلامیە سووک و بێمانایەی تیرۆرستان.

دووەم/ ڕۆژنامەو سایتی هاوڵاتی پاش لە سێدارەدانی سەددامی دیکتاتۆر نووسینێکی لە ژێر ناوی دوا پێکەنینی سەددام حسێن! بڵاو کردووە لە گەڵ وێنەیەکی ئەو لەو چرکەیەی کە دەمی کەمێک کراوەتەوە و خەریکی قسەکردنە کە وا پیشاندەدات سەدام بزەی هاتۆتە سەر لێوان. نووسینەکە وابزانم بریتی بوو لەقسەی ئەو ئەفسەرە بێگانەیەی کە باسی لە ژیانی بەندێتی ئەو دەکردو ئینتیباعێکی زۆر هەڵەو خراپی تێدابوو بەشێوەیەک کە سەددامی وەکو قارەمانێکی بێتاوان نیشاندەدا. لێرەشدا هاوڵاتی خۆی کرد بە پرد بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە بیرکردنەوانەی کە هاوەڵانی دیکتاتۆر ئێستاش بانگەشەی بۆ دەکەن و دەیانەوێت لە تاوانبارێکی بێ نموونە بیکەن بە پاڵەوانێکی مێژوو.

سێیەم/

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
26-2-2007 19:40 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئاوێنە لە ماڵپەڕی خۆی و لە ڕۆژنامەکەیدا بەر لە یەک دوو ڕۆژ نووسینێکی بڵاو کردەوە لەسەر ئەوە کە سەددام حسێن نەیهێشتوە بارزانی و تاڵەبانی بکوژن! کاتێک کە لەبەغدا بوون بۆ گفتوگۆ. لەگەڵ هەمان ئەو نووسینە وێنەیەکی زۆر ڕازاوەی دیکتاتۆری بە جلی کوردی بڵاوکردۆتەوە! باشە من تێناگەم ئاوێنە چۆن شەرعیەت و ڕاستی دەداتە قسەی ئەندامێکی باڵای بەعس و ئەم هەواڵە بەو ڕەونەقیەوە بۆ جوانکردنی مێژووی ئەو دیکتاتۆرە بڵاودەکاتەوە، خۆ ئەگەر بەهەمان لۆجیک بیر بکەینەوە دەبێت باوەر بە قسە هەلەق و مەلەقەکانی عەلی کیمیاوی و تاوانبارەکانی تری ئەنفالیش بکەین و بیانکەین بە دۆکۆمێنتی مێژوویی!!. لە ئاوێنە پرسیار دەکەم ئایا هیچ جۆرە بەرژەوەندیەک لە و جۆرە نووسینانە هەیە ئەگەرهەر هیچ زەرەرێکیشی نەبێت!؟؟

لە کۆتاییدا دەڵێم هەندێک نووسین وەکوو ژەهرن بۆ لاشە و هزری کورد بۆیە با زیاتر ئاگادار بین و میللەتەکەمان بەدەستی خۆمان ژەهرخوارد نەکەین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.